## قسەیەکی تر

### ئایا بیرت کردۆتەوە چۆن بیر بکەیتەوە؟







### خێرایی لە حوکمدان بەسەر خەڵکیدا




### خوشکی ژنەکەی تۆنی بلێر لە حەج بوو

# نائەکتیڤی پەرلەمان لە زاری خۆیانەوە...!

جەمال غەریب حەمە

هەموو لا ئەوە دەزانن کە کارە سەرەکیەکانی پەرلەمان بریتییە لە یاسادانان و چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت و پەسەندکردنی بودجەیە، با بپرسین ئایا پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی یەکەمی خولی سێیەمدا تا چەند ئەکتیڤ و دەستکراوە و سەرکەوتوو بووە لە ڕاپەڕاندنی کارە سەرەکیەکانی خۆیدا؟ ئایا بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان ئەو دەزگا و دەسەڵاتە بووە کە توانای هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە و بەدواداچوون و لێپێچینەوەی بۆ کار و چالاکیەکانی حکومەت و وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان هەبووبێت؟ یان ئایا توانیویەتی بیسەلمێنێت کە پەرلەمان دەسەڵاتی یەکەمە؟ حەز دەکەم وەڵامی ئەم پرسیارانە لە زاری خودی خۆیانەوە ببیستین، با سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان خۆیان شایەتی کار و چالاکیەکانی خۆیان بن، ئەمانە نە درۆ و نە بوختان و نە تەشهیرە، بەڵکو نائەکتیڤی خۆیانە لە زاری خۆیانەوە!

*- (د.کەمال کەرکوکی ـ سەرۆکی پەرلەمان) (تا ئێستا ٧٤ پرۆژە یاسا لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەکان کراوە و تەنها ١٣ پرۆژە یاسا ڕاپۆرتی کۆتاییان گەیشتۆتەوە دەست سەرۆکایەتی پەرلەمان)١. جێگای خۆیەتی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بپرسین ئەی ئەو ٦١ پرۆژەیەی کە ماوە، هەڵتانگرتووە بۆ کەی؟ ئەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا ئەندامانی لیژنەکان چییان کردووە؟ بۆ تەنها ١٣ پرۆژە لە ماوەی دوو ساڵدا؟ ئەمە گلەیی و ڕەخنەی سەرۆکی پەرلەمانە لە لیژنەکان.

*- (ئاوارە حەمید ـ سکرتێری ڕۆژنامەوانی فراکسیۆنی گۆڕان (سەرۆکایەتی پەرلەمان لە کۆی ٧٠ یاداشت تەنها وەڵامی ٦ یاداشتی داوەتەوە) ٢. لێرەشدا جێگای خۆیەتی لە سەرۆکی پەرلەمان بپرسین ئایا ئەو ٦٤ یاداشتەی کە لای سەرۆکایەتی ماوەتەوە، بۆ کەی و کوێت هەڵگرتووە؟ ئایا ئەو یاداشتانە ئەوانە بوون کە زەرەر و زیانیان بۆ دەسەڵات و پەزەکانی هەبووە؟! ئەمەش یەکێکە لە ڕەخنە و تێبینیەکانی لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە لە بێ ئیرادەی پەرلەمان زیاتر هیچیتر نییە، ئەی ئایا هۆکاری ئەو بێئیرادەییەی پەرلەمان پێڕەوە ناوخۆییەکەیەتی، یان خەتای سەرۆکایەتی پەرلەمانە، یان هەر بەڕاستی ئەو دەور و کاریگەریە نەدراوە بە پەرلەمان لەلایەن دوو گەورە حیزبەکەوە تا توانای لێپێچینەوەی لە کارەکانی حکومەت و بەرپرسان نەبێت؟! ئەگەر ئەمە حاڵی پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن بێت، ئیتر چ مانایەک بۆ ئۆپۆزسیۆنبوون دەمێنێتەوە، هەمان سەرچاوە دەڵێت (لە کۆی ٩٥ مادەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، تەنها چەند مادەیەک کاریان پێ کراوە کە لە بەرژەوەندی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بووە و مادەکانی تر جێبەجێ نەکراوە)، ئاخۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەم نائەکتیڤیەیان وەڵامیان چی بێت؟

*- (پەرلەمانتار عومەر عەبدولعەزیز ـ سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو) (ناوبراو لە نووسراوێکدا ٢٥ حاڵەتی سەرپێچیکردنی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی ڕوونکردۆتەوە و وێنەی ئاراستەی سەرۆک و جێگر و سکرتێری پەرلەمان و سەرجەم لیستەکان و فراکسیۆنەکان کردووە) ٣. دیسان جێگای خۆیەتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بپرسین لە کاتێکدا ڕەخنە و گلەیی لە پێڕەوی ناوخۆ هەبێت، لەو پێڕەوەش کە کاتی خۆی بە میزاجی دەسەڵات نووسرابوو، هێشتا پێشێلکاری هەبێت؟! بۆچی؟ ئەگەر ئەمە حاڵی پەرلەمان بێت، ئیتر چۆن دەتوانێت چاودێری دەسەڵات و دەزگا و دامەزراوەکانی تر بکات!

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەرلەمانتارانی کوردستان لەچاو مافەکانیاندا لە ئاستی ئەرک و کارە هەنوکەییەکانیاندا نین و نەبوون، هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان بە خۆی و پێڕەوەکەیەوە پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەیی هەیە، تا زووە فریای (خۆی)کە بکەون، چونکە تەنانەت ئێمە (خۆی)کەشمان بۆگەنی بووە.

-١-----------------------------------------------

سایتی پەیامنێر.

٢- سایتی ستاندەر.

٣- سایتی کوردیو.








یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦٦)
دوو شەممە ٢٠١١/١١/٢٨ ز
ساڵی حەڤدەهەم

www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤

ناونیشانی ڕۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەڕەکی تەیراوە - بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی - دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان